دەستبەسەر 40 کیلۆگرام ماددەی هەشبەر گیرا کە بۆ وڵاتی بەریتانیا ئامادەکراوە

بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی ماددە هەشبەرەکانی هەرێم، ئەمڕۆ پێنجشەممە لەڕاگەیەندراوەکدا بڵاویکردەوە، دوای وەرگرتنی فەرمانی دادوەری لێکۆڵینەوەی ئاسایش، لە چالاکیەکدا دەست بەسەر 19 مەلزەمە لە شوێنی پێرتوکدا گیرا کە ڕێپێش کرابوون بە ماددەی هەشبەر لە جۆری کریستاڵ (میتافیتامین) کە ئامادەکرابوون بۆ وڵاتی بەریتانیا بگوازرێنەوە.

لە ڕاگەیەندراوەکە ئاماژە بۆکراوە، بە فەرمانی دادوەری لێکۆڵینەوەی ئاسایش بەڕێوەبەرایەتی ماددە هەشبەرەکانی سەر بە دەزگای ئاسایشی هەرێم/ سلێمانی لە تەمتبار و سەرچاوەی هاتنی ئۆپێرتوکانە ئاگادارکرایەوە بە مەبەستی دەستگیرکردنیان، چونکە زانیاری هەبوو بەکی تریش پێتوک ئامادەکراون بۆ گواستنەوەیان.

لەڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە، لە چالاکی دووەمدا 23ـی ئەم مانگە تیمەکانی بەڕێوەبەرایەتیەکەیان لە شاری هەولێر، توانییان سێ تەمتبار بە بڕی 40 کیلۆگرام ماددەی هەشبەر لە جۆری کریستاڵەوە دەستگیربکەن.